ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
38
25 ی حوزەیران/ جون 2022

**بژاردەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو راماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**

## قومارەکەی یەکێتی و پارتی!



**موحسن کەریم**

دابەشبوونی یەکێتی و پارتی بەسەر دوو بەرەی ناکۆکی ناوچەیی و ناوخۆییدا لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێی ئەمریکا لە عێراقدا، تەنها تۆخکردنەوەی ناوچەی سەوزو زەرد و هێڵی سنوری دیگەڵەی لێ ناکەوێتەوە. تەنها ئەوەی پێی دەڵێن دوو حکومەت و دوو ناوچەی دەسەلات درێژە پێنادات. تەنها نابەرپرسیاری بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی خەڵک و تالانو بڕۆی پارووی دەمی ئەوان ئاکامەکەی نابێت، بەڵکو سەرەنجام ئەگەری ئەوەی کە خەڵکی کوردستان روبەڕوی کارەساتێکی نەخوازراو بکەنەوە، لەهەمووکاتێک زیاتر دەکات.

ئەمریکا لەریگای سعودیەوە دەیەوێ پێگەی ئێران لە عێراقدا، لاوازبکات، تا سەرەنجام هەڵیتەکێنێ و بەوەش لەئاستی ناوچەکەدا کلکوباڵی بکات. سیاسەتی تازەی ئەمریکا بەهاوکاری سعودیە، ئەوەیە کە لەڕێگای بەهێزکردنی بەرەی نەیاری ئێران لە عێراق، کە لەجەرگەی خرۆشانەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقدا لە ساڵی ٢٠١٩ زەمینەکەی بەشێوەیەکی فراوان رەخساوە، ئەو نەخشەیەی جێبەجێ بکات. ڕەوتی سەدر و کەسایەتی سیاسی موقتەدای سەرۆکی، کە لەدامێنی جمهوری ئیسلامی و حەوزەی قوم دا لەدایک بوون، ئێستا یەکێکە لەو هێزە سیاسیە شێعیانەی دەیەوێ خۆی لە خولگەی جمهوری ئیسلامی ئێران دەرباز بکات و زیاتر خاسیەتێکی نیشتمانی- عێراقی بەخۆی بدات. بەوجۆرەش خۆی بکاتە مەرجەع و نوێنەری شێعەی عێراق و ڕەوتە سیاسیە شێعە- عەرەبیەکان. ئەم سیاسەتە نوێیەی ڕەوتی سەدرو موقتەدا، ڕاستەوخۆ لەلایەن سعودیەوە پشتیوانی دەکرێ. بێگومان

بۆ لاپەڕە ٢

## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان حاجی مارف سەبارەت بە کشانەوەی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان و ئاکامە سیاسیەکانی!



بۆ لاپەرە ٣

## دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە ڕێگای پەرلەمانەوە کۆتایی نایەت!

**مستەفا باهیر**



بۆ لاپەڕە ٥

## دوا پەردە!

**ئیبراهیم حسین**



بۆ لاپەڕە ٧

## نەقیزە لە دەسەڵات و جووتە لە خەڵکی ناڕازی!

**ڕێبوار عارف**



بۆ لاپەڕە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی... قومارەکەی یەکێتی وپارتی!

ئەگەر ڕاستەوخۆ و لەپشتی پەردەوە لەلایەن ئەمریکاو دەزگای جاسوسی(سیا- CIA)وە نەخشەی بۆ دانەڕێژرێ، ئەوە گومانی تێدا نیە کە پشتیوانی جدی لێدەکرێ. ئێران بەڕوونی لەوە دەگات و بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ئەو پرۆژەیە بەشکست بکێشێت و پێگەی خۆی لەعێراقدا ئەگەر پتەوترو بەهێزتر نەکات، ئەوا لانی کەم ڕێگا لە بەرەوخواربوونەوەی بگرێت!

بەوجۆرە بارودۆخی سیاسی عێراق لەئاکامی دەستێوەردانی ئەمریکاو سعودیەو ئێرانەوە، بێجگە لە تورکیا کە ئەویش بەشێوەی خۆی کاریگەری لەسەر ڕەوشی سیاسی عێراق هەیە، ڕووی لە ناسەقامگیری و لێڵبوونی زیاترە. ئەگەری تێکچوونی هەلومەرجی سیاسی و ئەمنی و پێکدادانی هێزە دژ بەیەک و نەیارەکانی دابەشبوو بەسەر هەردوو بەرەی ناکۆکی ئەمریکا- سعودیە و ئێراندا ئەگەرێکی کراوەو چاوەڕوانکراوە. ئێران سوود لە هەموو ئیمکاناتەکانی خۆی بۆ فشارخستنەسەر بەرەی نەیاری لە عێراقدا وەردەگرێ. هەڕەشەی ئەم دواییەشی لە موقتەدا سەدر بەوەی ئاگریان بەسەردا دەبارێنن، بەدەرلەوەی هەواڵێکی دروستکراوی میدیا عەرەبیەکانە یان لەڕاستیدا شتێکی لەوجۆرە ڕوویدابێت، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئێران سڵ لەهیچ شتێک ناکاتەوە بۆ شکاندنەوەی دەستی نەیارەکانی لە عێراق، کە بێگومان ئاکامە کارەساتبارەکەی بۆ خەڵکی عێراق دەبێت و ئەوان باجەکەی دەدەن.

کوردستانی عێراقیش لە دووڵاوە ئەگەری بەرکەوتنی پریشکی ئەو ئاگرەی هەیە کە ئەو هێزو لایەنە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و میلیشیاییانەی عێراق خەریکی خۆشکردنین. لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی کە بەخاتری بەرژەوەندی خۆیان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە دەوڵەت لە عێراقدا نەما، کوردستانیان گرێداوەتەوە بە عێراقەوەو خستویانەتە ناو گێژاوی ململانێی هێزە میلیشیا- ئیسلامی و عروبیەکان و نادیاری چارەنوسی سیاسی عێراقەوە. بەوکارەیان ڕێگایان لەوە گرت خەڵکی کوردستان ئایندەی سیاسی خۆیان دیاری بکەن و دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەن، تا کوردستان بەشێک نەبێ لە هەڵچون و داچوونە سیاسی و سەربازیەکانی عێراق ( بێگومان لێرەدا مەبەستی من لە ڕوانگەی خۆپارێزی لە کێشەکان و ڕەهاکردنی بۆ خەڵکی دیکە نیە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەگەر ئیمکانی ئەوە هەبێت خەڵکێک نەخرێنە ناو بارودۆخێکی ناخۆشەوە کە ڕەنگە بەشێکی دیکە لە خەڵک پێوەی گیرۆدەبن، کارێکی عاقڵانەو مرۆڤدۆستانەشە). لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دابەشبوونی خۆیان بەسەر دوو بەرەی ناکۆکی ئەمریکا- سعودیە و ئێراندا و بوونیان بە بەشێک لەو میلیشیا عێراقیانەی کە خەریکن ئەجندای سیاسی- سەربازی ئەو دوو لایەنە ناکۆکەی دەرگیر لە عێراقدا جێبەجێ دەکەن، کوردستانیان ڕوبەڕووی مەترسی تێوەگلان لە کارەساتەکان زیاتر کردوە.

هێرشەکانی ئێران بۆسەر هەولێر ئاماژەیە بۆئەوەی کە پارتی بە ڕێکەوتنی لەگەڵ ڕەوتی سەدر و حەلبوسی خەریکە کوردستان ڕادەکێشێتە ناو ئەو یاریە ترسناکەوە کە بەڕێوەیە و پریشکی ئەو ئاگرەی جمهوری ئیسلامی هەڕەشەی پێدەکات کوردستانیش دەسوتێنێ. ڕەنگە پریشکەکەی تەنها بە هێرشی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆسەر هەولێر تەواو نەبێت. ئەگەری ئەوەی کە ئێران لەسەر تەوەری ململانێی نێوان یەکێتی و پارتی و قوڵکردنەوەی و بگرە توندکردنەوەی تا ئاستی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی کوردستان، هەنگاو بنێت، ئەگەرێکی دوور نیە. بەوجۆرە نەک هەر ژیان و گوزەرانی خەڵک تێکدەچێت، بەڵکو بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی بێبەشی کوردستان کە هەرئێستا نیشانەی لەو دەسەڵاتە میلیشیاییە گەندەڵ و تالانچیەی بۆرژوازی کورد گرتوە، ڕوبەڕووی پاشەکشەیەکی جدی دەبێتەوەو چارەنوسی خەڵک و ئایندەی سیاسی کوردستانیش بەرەو تاریکی و لێڵیەکی ترسناک دەچن. ئەو قومارەی یەکێتی و پارتی دەستیان داوەتێ هەر خۆیان مایەپووچ ناکات، بەڵکو کارەساتیش بەسەر خەڵکی کوردستاندا دێنێ!

دەبێ خەڵکی کوردستان بەهوشیاریەوە خۆیان بۆ ڕوداوەکان و ئەگەرەکان ئامادەبکەن. ئەگەر لەئێستاوە کارێک نەکەن، ئەوا بێگومان ئەو چارەنوسە تاریکە چاوەڕێیان دەکات. ئەوەی دەبێ بکرێ، خۆ ڕێکخستن و توندکردنەوەی خەباتیانە دژی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوکارەکانیان و خۆ ئامادەکردنە بۆئەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بەدەستی خۆیانەوە بێت لەڕێگای شوراکانی خۆیانەوە. دەبێ جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان خۆیان لەڕێگای شوراو ڕێکخراوە جەماوەریە خەباتکارو شۆڕشگێڕەکانیەوە دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرن و کۆمەڵگا بەڕێوەبەرن. ئەوەش بەوە دەکرێ کە لەڕووی سیاسیەوە لەدەوری سیاسەتی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کۆببنەوە. ڕێگای بەیناوبەینی لەئارادا نیە. (٣٠) ساڵە خەڵکی کوردستان ئەزمونی ئەو ڕێگایانەی کردوەو ئاکامەکەی ئەوەبوو کە ئێستا هەیە!

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**

# گفتوگۆ لەگەڵ عوسمان حاجی مارف سەبارەت بە کشانەوەی کوتلەی سەدر لە پەرلەمان و ئاکامە سیاسیەکانی!

**ئۆکتۆبەر: ئەوە لەهیچ کەس شاراوە نیە کە بارودۆخی سیاسی عێراق لە بنبەستێکی قوڵدا گیری خواردوە. پرسی پێکهاتنی حکومەت بووەتە گرێکوێرەیەک کە نە بە هێزە سیاسیە ناوخۆییەکان و نە بە دەوڵەتانی جیهانی و ناوچەیی کاریگەر لەسەر بارودۆخی سیاسی عێراق ناکرێتەوە! بێگومان ئەو هەلومەرجە هێزە ناوخۆییەکانی تووشی سەرلێشێواوی و داخرانی ئاسۆی سیاسی کردوە. لەناو ئەم فەزایەدا موقتەدا سەدر، کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئەندام پەرلەمانە، ئەندام پەرلەمانەکانی کشاندەوە و پەرلەمانی بەجێهێشت. بەبڕوای ئێوە ، یەکەم: هۆکاری ئەم بڕیارەی موقتەدا سەدر چیە؟ وە دووەم: چ کاریگەریەکی لەسەر لێڵکردنی ئاسۆی سیاسی عێراق و مەسەلەی قەیرانی حکومەت دەبێت؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**هەر لە کاتی خۆیدا چۆنیەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەوەی پێنیشاندایین کە ئەو هەڵبژاردنە نەک نەیتوانی وەڵام بە قەیرانی سیاسی عێراق و قەیرانی دەسەڵات بداتەوە، بەڵکو ئەو قەیرانە بەرەو قوڵبوونەی زیاتر ڕۆیشت. ئەگەر چۆنیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا بەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە بە ڕێکەوتنی نێوان هێزە میلیشا قەومی و ئیسلامی و تائفیەکان پێناسەی بۆکرابێت، بەدوای پاشەکشەو شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئەو پێشهات و ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەو عێراقدا بەدیهات، ئەو جۆرە لە پێکهاتنی دەسەڵاتی سیاسی بە بنبەست گەیشتووە. لەلایەک بەدەوری نالەباری هەلومەرجی ئابوری و سیاسی و لەلایەکی تریشەوە نارەزایەتی بەرفراوانی جەماوەری لە بەغداو شارەکانی خوارووی عێراقدا ئەو پرۆسەیە بوو، کە کاروباری ئەو جۆرە لە حکومەتی تووشی ئیفلیج بوون کرد.

بەهەر هەوڵ و شێوازو ئاستێک بێت، هێزە میلیشیاکان توانیان پرۆسەی هەڵبژاردن تێپەڕێنن، بەڵام کێشە بێچارەکەیان لە ڕێکەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەت زیاتر دەرگیری بنبەست و قەیرانی کردن. دوو ئاراستە ڕەنگی داوەتەوە لە نێوان ئەو هێزە میلیشیایانەی دەیانەوێت بەهەر قیمەتێک بێت خاوەن هێزی یەکەم بن لە پێکهێنانی حکومەتدا و بەجۆرێک خۆیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکاندا بگونجێنن. دەستەیەکیان، کە صدریەکان نوێنەرایەتی دەکەن، هەوڵ دەدەن ئەو ئاراستەو نەخشەیە پەیرەوی بکەن، کە پێکهێنانی حکومەت لە ڕێگەی ئەو هێزەوە بێت، کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین کورسی پەرلەمانی بەدەست هێناوە، کە بەجۆرێک ئەمریکاش لایەنگری لەم ئاراستەیە دەکات. دەستەی دووەم ئەو هێزە میلیشیا شیعانەن، کە بۆ خۆیان خاوەنی نفوزیکی چەکدارین و پاشکۆی سیاسەتەکانی ئێرانن و دەیانەوێت لەسەر هەمان شێوازی پێشوو حکومەت لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی هێزەکان پێکبهێننەوە.

لەم نێوەدا موقتەدا صەدر کەوتۆتە دوریانێکی تەسکو بنبەستەوە. لەلایەک ناتوانێ بە شێوازی زۆرینەی کورسیەکان حکومەت پێکبهێنێت، لەلایەکی تریشەوە بە ڕێکەوتن لەگەڵ تەواوی هێزەکانی تردا دەوری لە حکومەتدا مانایەکی نامێنێت. بۆیە ناچارە لەگەڵ ئاڵۆزی هەلومەرجەکەو قەیرانەکاندا ڕێگای کشانەوەی گرتۆتەبەر، بەڵکو لە هەر ئاڵوگۆڕیکی تردا گەر فرسەتی گونجاوی بۆ هاتەپێش گەمەی سیاسی تر بە هێزەکەی بکات. هەرکات ئەو هێزانەی تر بە هەر شێوازێک حکومەتێک ڕابگەیەنین، موقتەدا صەدر دۆخەکە بەرێگای هێنانەسەرشەقامی هێزەکەی دۆخەکە زیاتر دەشێوێنێت و ڕێگا نادات حکومەت پێکبهێنن. بەمشێوەیە ئاسۆی سەقامگیری سیاسی لە سایەی تەواوی ئەو هێزە میلیشیایانەدا نادیارتر دەمێنێتەوە.

**ئۆکتۆبەر: بەپێی ڕاگەیاندنێک کە لەمیدیا عەرەبیەکانەوە بڵاوکرایەوە، ئێران هەڕەشەی لە موقتەدا سەدر کردوەو کە ئاگریان بەسەردا دەبارێنن، ئەگەرچی دواتر هەواڵەکە ڕەتکرایەوە. ئەمە لەکاتێکدایە موقتەدا سەدرو هەموو ئەندام پەرلەمانە دەست لەکارکێشراوەکانی بەناوی عومرەوە سەردانی سعودیە دەکەن و چاویان بە گەورە بەرپرسانی سعودیە دەکەوێت، کە سەرکردایەتی بەرەی دژی ئێران دەکات لە ناوچەکەدا. لەلایەکی دیکەوە موقتەدا بە مەسعود بارزانی وتوە چاوەڕێی سەپرایز بکەن! وەکو ئاماژەیەک بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەیان. ئێوە پێتانوانیە کە ئێران هێشتا وەسائیلی گرنگی بەدەستەوە ماوە بۆ بە شکستکێشانی پرۆژەکەی ئەمریکا-سعودیە و هاوپەیمانی سێ قۆڵی سەردو حەلبوسی و بارزانی!؟ ئەگەری کێشکردنی عێراق بۆناو شەڕی ناوخۆ زیاد ناکات!؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ڕاستی و نادروستی ئەم ڕاگەیاندنە هەرجۆرێک بێت، هەڵبەتە لەو هەقیقەتە ناگۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کات درێخی نەکردووەو درێخیش ناکات بۆ دەخالەتی لە کاروباری سیاسی عێراق و هەرەشەو سەوداو مامەڵەی لە بەرامبەر تەواوی هێزە میلیشیاییەکاندا. وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەو ئاراستەیەی کە صدریەکان دەیانەوێت بە ناوی زۆرینەی

کورسیەکانی پەرلەمان دەوریان لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا هەبێت، هەمان ئاراستەو نەخشەیەکە کە ئەمریکا پەسەندی دەکات، پێچەوانەی ئاراستەی ئەو هێزانەیە کە پاشکۆی نەخشەو سیاسەتەکانی ئێرانن، بۆیە هیچ دوورنیە بەهەر جۆرێک بێت کۆماری ئیسلامی وەک بەشێک لە کێشمەکێشی لەبەرامبەر ئەمریکادا، هەرەشەیەکی لەو چەشنە بکات. ئەوەی لەم نێوەدا ئاشکرایەو جێگای سەرنجی جدیە بەگشتی هەلومەرجی ناجێگیری سیاسی عێراق و قوڵبونەوەی زیاتری قەیرانی حکومەتە، کە ئاراستەکانی هەریەک لە هێزە چەتە میلیشیاییەکانی دەسەڵاتدار لە عێراقدا رۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە خولقاندنی ئەو دۆخە نالەبارو گێژاوە سیاسی و قەیراناویەدا. بۆیە هەمیشە ئایندەی عێراق لەسایەی بوونی ئەو هێزانەدا لەسەر لێواری روودانی جۆرەها سیناریۆیە کە قوربانیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەبن. سەپرایزێک کە موقتەدا صەدر مەبەستیەتی ئامادەکردن و هێنانە مەیدانی نفوزو هێزەکەیەتی بۆ سەر شەقامی شارەکان، کە بەم شێوەیە هەوڵئەدات نارەزایەتیە جەماوەریەکانیش بەلارێدا بەرێت و بۆ بەرژەوەندیە سیاسەکانی صەدریەکان بەکاری بهێنێت.

**ئۆکتۆبەر: بێگومان تێکچوون و لێڵی بارودۆخی سیاسی عێراق و قەیرانی حکومەتی عێراق کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان کە خۆشی تووشی شڵەژان و سەرلێشیواوی بوەو هێزە سەرەکیەکانی بۆرژوازی کوردو بەتایبەتی دوو هێزی سەرەکی پێکهێنەری حکومەت، یەکێتی و پارتی، لە کەمترین ئینسجامی سیاسی بەهرەمەندن و تووشی قەیرانێکی حکومەتی قووڵ هاتوون. بەڕای ئێوە تا چ ڕادەیەک ئەم هەڵویستەی سەدر کاریگەری لەسەر تێکدانی زیاتری بارودۆخی ناوخۆی سیاسی کوردستان و پەیوەندی نێوان هێزەکانی پێکهێنەری حکومەت و پەرلەمان ، دەبێت، بەتایبەتی کە لەنێوان پارتی و جەماعەتی سەدردا هاوپەیمانیەکی سیاسی لەئارادایە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ئەو ئاراستە جیاوازانەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە ئارادایەو هیچ لایەنێک لە هێزە میلیشاکانی عێراق لە ئێستادا ناتوانن لەبەردەم ئەو قەیرانانەدا بحەسێنەوەو دۆخەکە یەکلایی کەنەوە. هەروەک ئاماژەمان پێدا، هەلومەرجی سیاسی عێراق ئاڵۆزتر دەکات و ئاسۆی سەقامگیریمان نیشان نادات. بۆیە لە کاتێکدا یەکلاییکردنەوەی کێشەو قەیرانەکانی عێراق دیار نەبێت، هەلومەرجی سیاسی کوردستانیش بێبەری نابێت لە بەرکەوتن و بەخشینەوەی زیاتر قوڵبوونەوەی قەیرانەکاندا. لەو نێوەدا حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان بەجیا لەوەی لەناو تێکەڵاوی ئەو بارودۆخە نالەبەرەدان کە ناوچەکەو عێراق دەرگیریەتی، لە هەمانکاتدا نەک ناتوانن دەوری یەکلایی کەرەوە ببین، بەڵکو پریشکی قەیرانەکانی عێراقیشیان بەردەکەوێت. پارتی بەپێی پێگەو هاوسەنگی هێزەکەی لە هەوڵی ئەوەدایە پشکی زیاتر لە حکومەتی عێراق بەدەست بهێنێت. ئامادەیە هەر هێزێک بە هەر ئاراستەیەک پێشوازی لێبکات لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا رێکەوتنی لەگەڵدا بکات. جا ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ صەدریەکان ئەنجامیدا و بە ئەنجام نەگەیشت، ئێستا چاودێری دۆخەکە دەکات و خۆی مەڵاسداوە بۆ رێکەوتێکی تر. بەڵام ئایا قەیرانی حکومەت و یەکلایینەبوونەوەی کێشەکان ئەو فرسەتە بۆ پارتی دێنێتە پێشەوە!؟ بە بۆچونی من هەلومەرجی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو لایەنێکەوە عێراق و کوردستانی لەسەر گێژاو و چارەنوسێکی نادیاری وەها راگرتووە، کە کەمترین فرسەتی هێشتۆتەوە بۆ گەمەی سیاسی پارتی تا بتوانێت لە حکومەتی عێراقدا جێگاورێگایەکی باڵاتر لە جاران بەدەست بهێنێت. لەهەمانکاتدا ئاشکرایە، کە بەهۆی دابەزینی ئاستی پێکەی یەکێتی نیشتمانی و کێشە ناوخۆییەکانیەوە، بەشی لە پریشکی قەیرانەکاندا زیاتر دەبێت. ئەمەش بە ئاشکرا دەبینرێت، کە یەکێتی ناتوانێ کێشەکانی لەگەڵ پارتی و دەوری بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان نەخشەیەکی رۆشن بدات بەدەستەوە. هەر بەم مانایەش هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ساتە وەختێکی ناهەموارو سەختدایە، کە بتوانرێت بە ئاسانی تێپەرێنرێت.

**ئۆکتۆبەر: لەئەگەری تێکچوونی زیاتری بارودۆخی سیاسی و ناوخۆیی عێراق و کاریگەریەکانی لەسەر کوردستان، دەبێ خەڵکی کوردستان چی بکەن بۆئەوەی نەکەونە ناو گێژاوی کێشمەکێش و بێ ئاسۆیی ئەو هێزە سیاسیانەی عێراق و کوردستانەوەو چارەنوسێکی دیکە بۆخۆیان نەخشەبکێشن!؟**

**عوسمانی حاجی مارف:**لەو کاتەوە، کە خەڵکی عێراق و کوردستان تورەیی و بێزاری و نارەزایەتیان بەرانبەر بە حکومەتەکانیان دەربریوەو دروشمی خواستی کۆتایی ئەم دەسەڵاتەیان بەرزکردۆتەوە، تەنها یەک رێگایان لەبەردەمدایە بۆ کۆتاییهێنان بە تەواوی ئەم پرۆسە سیاسیە نەگونجاو و نەشیاوەی چەندین ساڵە خەڵکی عێراق و کوردستان بەدەستیەوە دەناڵێنێت. ئەویش خرۆشان و ڕاپەرینی جەماوەریە بەئامادەییەوە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی نوێنەرانی خەڵک. لە هەمانکاتدا هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و عێراق بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک، کە لە سەر بنەمای هاوڵاتی بوون پێناسە بکرێت. حزبی ئێمە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ڕۆڵی سەرەکی ببینێت بۆ ڕابەریکردنی هێنانەمەیدان و ڕێکخستنی خەباتی جەماوەری و دابینکردنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی جەماوەری نارازی لە شوراکاندا.

☆

# دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە ڕێگای پەرلەمانەوە کۆتایی نایەت!

**مستەفا باهیر**

وا جارێکی تر لەلایەن حزبەکانی نێو دەسەڵات و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە، "ئەو حزبانەی کەخۆیان بە نەیاری دەسەڵات دەزانن". پرسی هەلبژاردن دەدەن بەگوێی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانداو کۆمەڵێک پڕوپاگەندە بۆ چەواشەکردنی خەڵک بڵاودەکەنەوە. دەڵێن: ئەم هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆ نەتەوە یەکگرتوەکان بەشداری تیادا دەکات. خاتو "هێنیس پلاسخارت " نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق خۆی سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات و ڕێگا لە تەزویرکردن دەگرێت. ئەگەر ئێمە براوەبین ئەوا دەتوانین دەسەڵات لە یەکیتی و پارتی وەرگرینەوە. ئەم پروپاگەندانە بەزۆری لەلایەن نەوەی نوێ بەتایبەتی کەسێکی وەک شاسوار عەبدولواحیدەوە دەکرێت. بەڵام لە ڕاستیدا هەڵبژاردن تەنها بۆ شەرعیەتدانە بە یەکێتی و پارتی و ئەو حزبانەی کە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، تا جارێکی تر بە ناوی نوینەرانی خەڵکی کوردستانەوە دەستبکەن بە دابەشکردنی سەروەتو سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی لەبەینی خۆیاندا. هەروەها بەئومێدی ڕاستکردنەوەی باری لاری ئەزمونی شکستخواردووی سی ساڵەی حوکمڕانی هاوبەشیان، بۆئەوەی جارێکی تر خەڵکی کوردستان ڕاکێشنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و بیانکەنەوە بە ئامڕازی ڕێخستنی سیناریۆیەکی تری گاڵتەجاڕی کەناویان لێناوە هەڵبژاردن. ئەوەی ئەمجارە کە بەزۆری دەیانەوێت خەڵکی پێ چەواشەبکەن و زۆر پڕوپاگەندەی پێوە دەکەن، ئەوەیە کە دەڵێن لەماوەی ٣١ ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا بۆ یەکەمین جارە کە نەتەوە یەکگرتوەکان بەم شێوەیە بەشداری دەکات .

خاڵی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرجەم ئەو حزبانەی کە دەیانەوێت لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەن، کە هەمیشە وەک قەوانێکی سواو دەیلێن و دەیلێنەوە، ئەوەیە کە گوایە دەنگی خەڵک و بەشدارییان لەهەڵبژاردندا، تەنها ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری و چاکسازی لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی ئێستادا. پێیان دەڵێن کە هەڵبژاردن تەنها ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانتان. پێش هەموو کەس نەتەوە یەکگرتوەکان و حزبەکانی لایەنگری هەڵبژاردن خۆیان باش دەزانن ئەمە جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی تر نیە. خۆیان ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەک باوەڕی بەهەڵبژاردن نەماوە و دەزانن کە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەم دەسەڵاتە وەلانانرێت، بۆیە ڕێگایەکی تریان گرتوەتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و تالانچی ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستە ئیسلامیانە.

نەتەوە یەکگرتوەکان و حزبەکانی کوردایەتی بەمەبەستی دژایەتیکردن و بەلاڕێدابردنی خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری نارازی کوردستان پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنێکی بێگەرد دەکەن، تاوەکو بتوانن ڕێگا لە نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو هەژاری کوردستان بگرن. بەڵام خەڵکی کوردستان نە بەدرۆی حزبەکانی دەسەڵات و نە بە درۆی کەسێکی سەرمایەداری وەک شاسوارو نە بە بەڵێنی دەزگایەکی گەندەڵی شکستخواردوی داردەستی ئەمریکا کەناوی لێنراوە نەتەوە یەکگرتوەکان، بڕوا ناکات. بەتایبەتی کە تەجروبەی چەندین جارەی هەڵبژاردن و تێپەڕبوونی چەندین خولی پەرلەمانی بەچاوی خۆی بینیوە. ئەوەی بۆ سەلماندوە کە ئەم دەسەڵات و سیستەمەی ئێستا، نەک هەر ناتوانرێ لەڕێگای دەنگدانەوە کەمترین گۆڕانکاری و چاکسازی بەقازانجی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان بکرێت، تەنانەت ناتوانرێ دەسەڵات لە دوو حزبی میلیشیایی و بنەماڵەیی یەکیەتی و پارتیەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەحزابێکی تر لەهەمان خێزانی ئەوان. هەر لەم ڕۆژانەدا٢٠/٦/٢٠٢٢ مەلابەختیار بۆ جارێکی تر دووبارەی کردوە و دەڵێت : "هیچ هەڵبژاردنێک نەک لە عێراق و کوردستان بگرە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەبێ تەزویر نەکراوە". هەروەها دەڵێت: "ئێمە لەبەرئەوەی کە خاوەنی چەکین دوو کورسیش بێنین دەسەڵات هەر لای ئێمەیە". بێجگە لەمانەش پەرلەمانی کوردستان کارتۆنیبوونی خۆی بەسەد شێوە سەلماندووەو دەنگ و ڕای خەڵکی هیچ ئەرزشێکی نیە ، تابکرێتە پێوانە بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی ئێستادا.

لەکاتێکدا ئەم حزبانە باسی هەلبژاردن دەکەن کە ڕەوشی سیاسی تەواو جیاوازە لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، چونکە ئەحزابی بۆرژوازی کوردی تووشی کۆمەڵێک کێشەو گرفتی گەورە بون. لەوانە کێشەکانی بەینی هەرێم و بەغداد، نەک چارەسەر نەکراوە، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزترو قوڵتر دەبنەوە. هەروەها دەسەڵاتدارانی کوردستان بەتەواوی شکستیان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا هێناوەو ناتوانن وەڵامی سەرەتایترین خواستەکانی ڕۆژانەی خەڵک بدەنەوە، چونکە گیرۆدەی قەیرانێکی ئابوری و حکومەتی ئەوتۆ بونەتەوە ، کە توانای ئەوەیان لەدەستداوە، وەڵام بە کێشەو گرفتە ئابوری و سیاسیەکانی ئێستای کۆمەڵگە بدەنەوە.

هەربۆیە نەتەوە یەکگرتوەکان و حزبەکانی کوردایەتی باش دەزانن کە

⇦

خەڵکی کوردستان بەتەواوی بێزارن لەم دەسەڵات و سیستەم و حزبانەو هیچ باوەڕێکیان بە هەڵبژاردن و پرۆژەی چاکسازی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لەڕێگای پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە نەماوە وکردویانەتە بابەتێکی گاڵتەئامێز. دەزانن کە خەڵکی بەشێوەیەکی تر هەوڵدەدا بۆ ڕزگاربوون لەم دەسەڵاتە. بۆیە لە ئێستادا ترسی تەواویان لەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە هەیە و دەزانن ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە ڕێکخراو بێت و ئاسۆیەکی سیاسی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی و ڕابەریەکی شۆڕشگێڕانەی بۆ دابین بکرێت، توانای ئەوەی هەیە کۆتایی بە دەسەڵاتی ستەمکار و گەندەڵی ئێستا بهێنێت و دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک لە جێگای دابمەزرێت. لەدۆخێکی ئاوادایە کە مەسەلەی فریودان و ڕاکێشانی هاوڵاتیانی کوردستان بۆسەر سندوقەکانی هەڵبژاردن نەک هەر بۆتە گرفت و گرێیەکی سەرەکی بەردەم حزبەکانی بۆرژوازی، بەڵکو لەهەمانکاتدا بوەتە گرفت بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، چونکە دەزانێت وەلانانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بارودۆخەکە لەوانیش ئاڵۆزدەکات و ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

کرێکاران وهەژارانی کوردستان نابێت بە پڕوپاگەندەی ئەم ئەحزابە بۆرجوازیە وابەستانە بەدەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو جیهانەوە چەواشەکرێن. ئەمانە شکستیان خواردووە و دەسەڵاتیان تەواو بووە، تەنها بە زەبری سەرکوت و هێزە میلیشیاکانیانەوە ماونەتەوە. بۆیە ئێمەش بۆئەوەی بەیەکجاری ڕزگارمان بێت لەدەسەڵاتی ئەم حزبانە، دەبێت چەکی کاریگەری خۆمان بەکاربێنین کە ئەویش تەنها یەککگرتن و ڕێکخراوبونمانە لەدەوری یەکتر، تا بتوانین بەخەباتی نەپساوەی خۆمان کۆتایی بەم دەسەڵاتە گەندەڵە بێنین و لە شوێنیدا دەسەڵاتێکی جەماوەری وا دامەزرێنین کە بتوانێت ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مسۆگەر بکات. کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوکارانیان تەنها لە ڕێگای ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانەوە بەدەست دێت نەک لە ڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە.

٢٢/٦/٢٠٢٢

**بڵاوکراوەی نوێ!**

- **کتێبی ١٩٠٣ ، لێکدانەوەی دانیشتنەکانی کۆنگرەی دووەمی حزبی کرێکاریی سۆشیال-دیموکراسی روسیا.. موحسین کەریم لە فارسیەوە کردویەتی بە کوردی**
- **کتێبی مارکس و تیۆری نامۆیی .. لە نوسین و ئامادەکردنی کاوە کەریم ە.**

**لە کتێبخانەکانی کوردستان دەست دەکەون. هاوکات لەسەر پەیجی حزب و ڕادیۆی پێشەنگ بەشێوە فۆرماتی (pdf) دەست دەکەون.**






# دوا پەردە!

ئیبراهیم حسین

دەوردوکانی بورژوازی کوردایەتی کە باهۆزی دیموکراسییەتی موشەکی کرۆز و جەنگ و میلیتاریزم و ویرانکاری ڕۆژئاوا و ئەمریکا و لەجەرگەی یەکێک لە سیناریۆ ڕەشەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، شانسی ئەوەی بۆ ڕەخساند بەخەونی دەسەلات بگا و فرسەتی ئەوەی پێدا بکرێتە مەئموری پاراستنی چاڵەکانی نەوت و پاسەوانی گۆپاڵ بەدەست بەسەر چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لە کوردستان، ئێستا لە بنبەستێکی تا بینەقاقادا گیری کردوە. ئەم دەوردوکانە چینایەتیەی کوردایەتی، ئیتر بەشێوەیەکی جیدی و بێگەڕانەوە کەوتۆتە بەرامبەر کێشە و پرسیاری مانەوە. چیتر پرسیاری مانەوە و ڕۆیشتنی ئەم دەسەلاتە بێکەڵکە چینایەتیەی کوردایەتی تەنیا ئارەزوی دڵی ئێمە کرێکاران و ژنان و لاوان و جەماوەری بەرین و تەنیا ئەنجامگیری ئێمە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نیە، بەڵکو واقیعیەتێکی ڕون و دانپیانراو و کابوسێکی ناوخۆی ئەو دەسەلات و دەوردوکانە چینایتیە و ناوخۆی خێزانی بۆرژوازیە بە هەموو باڵەکانیەوە.

ئیتر لەسەر پرسی مانەوە، دەعوا و دەمەقاڵە و شەرە دەنوکیانە. لە بەرێخستنی سیناریۆی جۆراوجۆری درۆ و ڕیاکاریدا خەریکن پێشبڕکێی یەکتردەکەن و پەردە لەسەر یەکتر هەڵدەماڵن. هەریەکەیان لەهەوڵی ئەوەدایە بیسەلمێنێ کامەیان کەمتر یان زۆرتر دژی خەڵک بوون. کامەیان زیاتر و کەمتر لە سەپاندنی ئەم شێوە ژیانە نالایقە و لەسەپاندنی بێمافی سیاسی و ئابوری و ئەو داماویە گەورەیە ڕۆڵی هەبووە. کامەیان زیاتر یان کەمتر ڕۆڵی هەبووە لەوەی کە ئەم کۆمەڵگەیە کارەبای نەبێ، خوێندن و سیسەمێکی تەندروستی دروست و پەروەردە و فێرکردنێکی ئەمرۆیی و ژیان و گوزەرانێکی شایستەی نەبێ. یاسای کار و ئەو یاسا و ڕێسایانە نەبن کە ماف وحورمەتی کرێکار و هاوڵاتیانی کۆمەڵگە لەلانی هەرە کەمی خۆیدا بپارێزێ. سەرپەنا و مەسکەن و بیمەی بێکاری و بیمە کۆمەڵایەتیەکان خەون و حەسرەتی هاوڵاتیان بێت. کێیان زیاتر یان کەمتر بەرپرسە لەوەی لێشاوی گەنجی ئەو وڵاتە سەرگەردان و بێئایندە بن لەهەر جۆرە دەرفەتێک بۆ بەگەڕخستنی تواناکانیان بێبەش بکرێن، یان ڕێگاکانی هاتونەهاتی گەڕان بە دوای ژیانێکی کەمێک شایستەتر بگرنەبەر، یان لە پێناو ژیان و کەرامەت و ئازادی خۆیان لە دژی ئەو دەسەلاتە چینایەتیە بجەنگن و بکەونە بەرامبەر گۆپاڵ بەدەستەکانی پاسەوانەکانی چاڵەکانی نەوت وکۆمپانیاکان. لێشاوی ژنی ئەو مەملەکەتە تیرۆر و ڕەشەکوژ بکرێن و هەر ڕۆژێک لە تەمەنی ئەم دەسەڵاتە چینایەتیە عارێکی تر و برینێکی ترلە تەوێڵی خۆی و لە ویژدانی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەڵکەنێ. کێیان زۆرتر یان کەمتر لە سەپاندنی ئەو بازاڕی کاری هەرزانە بەرپرسەکە کە چینی کرێکارێکی گەورە کە بزوێنەری بەرهەمهێنان و ژیانی شاری و شارنشینی و خوڵقێنەری سەروەت و سەرمایە و نازونیعمەتە، بە بێمافیەکی گەورەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەحکوم کردوە.

ئەم پێشبڕکێی درۆ و بەیەکدا هەڵشاخانەی ئەندامانی نێو ئەو خێزانە چینایەتیەی کوردایەتی و ئیسلامیەی کوردستان لە پرسی مانەوە دا بۆ ساغکردنەوە و دروستکردنی قارەمانێکی کارتۆنی خەیالیە تا لە ڕێگایانەوە هەم بتوانن جارێکی تر کڵاو بکەنەسەری خەڵک و هەم بتوانن کاتێکی زۆرتر بۆ مانەوە بکڕن. لە ئیدیعاکانی پارتی و بارزانی سەبارەت بە تەسلیم نەبوون بە بەغدا لە کێشەی نەوت و پێویستی بەرگری لە یەکریزی کوردی و بەرەنگاری لەپێناو ئابوری سەربەخۆ(سەڵاحیەتی فرۆشی نەوت بە شێوەی تائیستای) تا هاشوهوشی دۆنکیشۆتیەکانی تاڵەبانیەکان سەبارەت بە یەکدەستەترکردن و ڕێخکستنەوە و گێرانەوەی هەیبەتی یەکێتی مام لەبەرامبەر بارزانیەکان و لێدانی گەندەڵی، لە تانکەرە ئاوەکانی شاسوار و هەرزانکردنی بەنزین بۆ کڕینی دڵی خەڵک تا هاتنی پلاسخارت و پشی پشیکردنەکەی لەگەڵ سەرۆکی حیزبەکانی پاسەوانی نەوت و حەواشیەکانی لەهەردوو زۆنی زەرد و سەوز، بەشێکن لە تەقەلای هێزەکانی بۆرژوازی کورد و پاریزەرە نێو دەوڵەتیەکانیان بۆ پەیداکردنی وەلامێک و دەریچەیەک بۆ مانەوە و ڕزگارکردنی ئەم ئەزمونە چینایەتیە پەککەوتەیە.

بەڵام بنبەست و پەککەوتەیی ئەم دەوروودوکانە لەوە قوڵتر و بنەرەتیتر و چارەهەڵنەگرترە کە بکری بەم سیناریۆسازی و هاشوهوشە وەلام وەربگریتەوە. پوختە و ڕۆحی ئەم هەلومەرجە ئەوەیە کەکۆمەڵگەی کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی دوچاری بەرککەوتنێکی گەورە بۆتەوە لەگەڵ ئەم دەوروودوکانە چینایەتیەی ئەمڕۆی کوردستان. هەربۆیە وەلامی ئەو پرسیارەی ئایا کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانی بەفەرزی درێژەکێشانی ئەم کۆنەپەرەستیە بۆرژواییە، بە هیچ ئایندەیەکی تەنانەت کەمێک باشتر ئومێدەوارببێت، نەخێرە. چاوەڕوانی ئەوەی کە بکری کوردستانێکی ئازاد و خۆشبەخت هەبێ، بەلام بارزانی و تاڵەبانی چارەنوسی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەبێ، خوێندن و نەوت و غازو کارەبا و نان و ئاوی خەڵکیان بەدەستەوە بێ، لە دەوری زۆنی زەرد و سەوز بە هێزی میلیشیا و زیندان ، حەساری ترس و سەرکوتیان

تەنیێ، ئەفسانەیە. نەک هەر کوردستانێکی ئازاد و خۆشبەخت، بەڵکو کوردستانێک کە هاوڵاتیان ژیان و گوزەرانێکی ئاسایی و کارەبا و خوێندن و فێرکردنێکی دروست و خزمەتگوزاری و بیمە تەندروستی و کۆمەڵایەتیەکانیان هەبێ، تەنانەت ئەوەی کە چاوەڕوانی ئەوە بکرێ بارزانیەکان و تاڵەبانیەکان و علی باپیر و شاسوارەکان دەتوانن بگۆڕێن، نوێنەرانی پەرلەمانتاریزم و پەرلەمان و هەڵبژاردنێکی دروست بەڕێدەخەن و ڕێزی خەڵک و تەنانەت یەکتر دەگرن و کێشەوبێشەکانیان بەشێوەی پەرلەمانی و ڕاگۆڕینەوە و دەنگدان یەکلا دەکەنەوە، ئەفسانەیە.

کۆمەڵگەی کوردستان، چینی کرێکار و ژنان و نەوەی ئەم سەردەمەی کوردستان شانسی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی خۆیی، تاقیکردوە و گەیشتن بەم بەدبەختیە چینایەتیەی ئێستا، گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک کە ئاماری کوشتنی تیایدا بە ئەندازەی شەڕێکی گەورە و خوێناویە، گەیشتن بە بە کوشتدانی هەزاران لەڕۆڵەکانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لەشەڕی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی وڵات، گەیشتن بە وڵاتێکی خاڵی لە شادی و خۆشبینی و لیواو لیو لە گەنج و لاوی بێکار و بێ ئایندە، گەیشتن بە زۆنی زەرد و سەوز و نارنجی، گەیشتن بەو ڕۆژگار و دەورودوکانە کە ڕزگار بوون لێی بووە بە ئارەزو و حەسرەتێکی گەورە، بەجۆرێک کە هەر مرۆڤێکی شەریف ئەگەر بتوانێ، ڕۆژێک ئامادە نابێ تێیدا بژی. نەک هەرئەوە، بەڵکو شانسی خۆیان لەگەڵ بەڵێندەرانی چاکسازی و گۆڕانکاری بەشێوەی بۆرژوایی و ناشۆڕشگێڕانە تاقی کردەوە، کەسانێک کە خواست و ئارەزوی کرێکاران وجەماوەری خەڵکیان بۆ گوڕانکاری و ڕزگاربوون لەو حاکمیەتە چینایەتیە گۆڕی بوو بە قۆنتەراتی سیاسی لەپێناو ئارامی سیاسی و دورخستنەتەوەی کابوسی هاتنەمەیدانی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش لەپێناو ئاڵوگۆڕ و ڕزگاربوون لەو دەورودوکانە چینایەتیەی کوردستان.

سەرەنجام بینیمان ئەو پرۆژەیە چۆن بوو بەگاڵتەجاڕ و بە هەواداچوو و نوێنەرانی ئەو پرۆژەیە بوون بە گاڵتەجاڕ. بینیمان چۆن ئەو دۆنکیشۆتانەی پێیانوابوو دەتوانن لەڕێگەی سێرک و نمایشی کارتۆنی پەرلەمانیەوە خواست و خولیای کۆمەڵگەیەکی چەند ملیۆنی بۆ ئازادی و خۆشبەختی بۆ ماوەیەکی دورتر بەنج بکەن.

سەرەنجام تەنانەت پێش ئەوەی کە وەڵامی ئەو کڵاولەسەرکردنە لە کرێکاران و خەڵکی بێبەش وەربگرنەوە، تەنانەت پێش ئەوەی کە خەڵک بەرادەی پێویست ئامادە بێت راستی چینایەتی پشتی( بەڵێنی دەیگۆڕین)ی بزووتنەوەی گۆران، لە زمانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبەکەیەوە بیستێت، براگەورەی چینایەتیان لەزۆنی زەرد بە ناردنی زێرەڤانی بۆ سەر سلێمانی و زۆنی سەوز و مەرەخەسکردنی سەرۆکی پەرلەمان و ڕوداوی بازگەکەی دیگەڵە، وەهەمی پەرلەمان و پەرلەمانبازی بە هەوادا برد. ئەو راستیەی بە عەمەلی بە خەڵک ڕاگەیاند کە کۆمۆنیستەکان لەسەر حەقن. لەسەر حەقن لەوەی کە ئەم دەورودوکانە بێکەڵکە بە منجەمنج و وردەوردە و لەڕێگەی جوڵانەوەی فشار و پارانەوە بۆ گۆرانکاری ناگۆڕێ، بەڵکو دەبێ لەنەبەردێکی سیاسی و چینایەتی جیددیدا چینی کرێکار و کۆمۆنیزم و جەماوەری بێبەش ئەم کۆنەپەرەستیە شکست پێ بێنن و بەسەریدا سەرکەون.

وەڵامی نیازی کۆمەڵگەیەکی چەند میلیۆنی بە ژیانێک سایستە تەنکەرە ئاو و بەنزین هەرزانکردن و بەڵێنی گەورە و بچوکی دۆنکیشۆتیانەی گەندەڵی نیە لەلایەن هێزگەلێک کە گەورەبووی ئەو زۆنگاوەن. هاشوهوشی دواشەڕ لەپێناو هێشتنەوەی فرۆشتنی قاچاغی نەوت لەژێر ناوی ئابوری سەربەخۆ و قەوارەی هەرێم لەلایەن سەرانی زۆنی زەرد و کودەتا و هەڵبژاردنی کارتۆنی و تەنانەت ڕانانی فەزای ترس و سەرکوت و خۆرانانی گێرانەوەی یەکێتی مام و هیچ یەک لەو سیناریۆیانە نیە. بەڵکو نەبەرد و کێشمەکێشێکی قوڵ و بنەڕەتی چینایەتیە و ناوەڕۆکی ئەو دەعوا و کێشمەکێش لەسەر بوون و نەبوون و مانەوە و ڕۆیشتنی ئەم دەسەڵات و قەوارە بۆرژوایەی کوردستانە. ئەم نەبەردەش نەبەردێکی چینایەتی و سیاسیە. کۆمۆنیزم وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەشێک نیە لە بزوتنەوەی فشار بۆ سەپاندن و داواکردنی هەندێک گۆران لە پەیکەرەی ئەم دەسەڵاتە چینایەتی، بەڵکو جوڵانەوەیەکە بۆ ئاڵوگۆڕ و ڕزگاری لەو دەسەڵاتە چینایەتیە و ئامرازێکە بۆ سەرکەوتنێکی سیاسی چەپ و سۆسیالیستی لە کوردستان.

چینی کرێکار و نەوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگە و ژنان و بێبەشانی کۆمەڵگە بۆ ئەوئاڵوگۆڕە و بۆ ئەو سەرکەوتنە سیاسیە لەشەڕ لە پێناو ئازادی و بەختەوەری و لە پێناو بەدەستەوە گرتنی چارەنوسی خۆیان، پێویستیان بە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و بە ڕابەرانی ڕادیکاڵ و ئازادیخوازی چەپی کۆمۆنیست و کرێکاری هەیە تا لەو نەبەردە سیاسیە دا سەرکەون.

بێگومان یەکێک لەهەرەفاکتەرە گرنگەکان کەوایکردوە تا ئێستا ئەم هەلومەجە درێژە بکێشێ و ئەم دەسەڵاتە بێکەڵکەی سەرمایەداری لە کوردستان ژیان و ئازادی و خۆشبەختی و نان و ئاو سەروەت و نیعمەتەکانی کار و هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی وچارەنوسی کۆمەڵگەی لەدەستدابێ، هەوڵ و تەقەلای بۆرژوازی بووە بۆئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاران، کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بخاتە گۆشە تاریکەکانی کۆمەڵگەوە لە

# نەقیزە لە دەسەڵات و جووتە لە خەڵکی ناڕازی!

## ڕێبوار عارف

ماوەیەکە دەبینین کەناڵی ( ئین ئار تی ) بووتە ناوەندی ستایش و پیاهەڵدانی کەسایەتی چنین پلاسخارد، نوینەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کە ئەمجارە خۆی سەرپەرشتی پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان دەکات، بۆیە فرسەتێک هاتۆتەپێشەوە کە لەرێگای هەڵبژاردنی ئایندەوە دەسەڵات لە یەکیتی و پارتی بسەنرێتەوە!

ئەم پروپاگەندەیەی( ئێن ئارِ تی) و نەوەی نوێ، ئەو ئامانجەی هەیە بەخەڵک بڵێت دەنگ بدەن بە ئێمە و لەرێگای دەنگدانەوە دەتوانن دەستاودەستی دەسەڵات بکەن و بەوجۆرە سزای دەسەڵاتی گەندڵی یەکێتی و پارتی بدەن کە ساڵانیکی زۆرە ستەمتان لێدەکەن و نانی سەر سفرەتان تاڵان دەکەن. گومان لەوەدا نیە کە ئەم پروپاگەندەیەی نەوەی نوێ بێجگە لە چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک شتێکی دیکە نیە. بەڵام با وادابنێین کە نەوەی نوێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا چوار، نەخێر دەوە پانزە پەرلەمانتاری تری زیادی کردو بووە هێزێکی بەرچاوی نێو هاوکێشە سیاسیەکان. بەڵام ئایا لەهیچ ڕوویەکەوە هێشتا دەتوانن ببنە هێزێکی وەکو بزوتنەوەی گۆران و کارەکتەرەکانی بگەنە ئاستی کارەکتەرەکانی نێو ئەو بزوتنەوەیە کە بەشێکیان ئەزموونی دەیانساڵ کێبەرکێ و حزوری سیاسیان لە کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووا؟ ئەو بزوتنەوەی لەسەردەمێکدا٢٥ کورسی بەدەستهینا کە زیاتر لە٧٠٪ ی خەڵک هێشتا خۆشخەیاڵی سندوقی دەنگدانەکان بوون. بەڵام کوا ئەو بزوتنەوە بەهێزەی کە بووە دووهەم هێزی کوردستان!؟ کوا ئەو حیزبە سیاسیەی کە دەیان کادری ناسراویان لە ئاستی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەبووا؟ کارێکیان پێکرا!؟ نەخێر. گریمان نەوەی نوێ سنووری جێگەورێگەی بزوتنەوەی گۆرانیش تێدەپەرێنێت و ئەبێتە نەیاری سەرەکی پارتی، بەڵام بەم نەوە نوییەی بێچەک و بی بەرنامەو بی ستراتیجی سیاسی و بێ ئایدیاو ئایدۆلۆژیایە چی پێدەکرێت و چەندە خۆشخەیاڵ بوون بە ترازانی پێگەی گۆران دەتوانێت خەونێکی کردەی و هیوابەخش بێت بۆ خەڵکی کوردستان؟!

ئەزموونی تائێستەی دەسەڵاتداریەتی سیاسی لە ماوەی ٣١ ساڵی رابردودا ئەوەمان پیدەڵێت کە ئەم حیزبانەی نێو پەرلەمان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوون، کە بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی یە بەهەموو حیزب و رێکخراو کەسایەتیەکانیانەوە. نەفرەت و بێزاری خەڵک لەم هێزانە سەرئەنجام بەوە گەشتووە کە ٨٠٪ ئەو خەڵکە بێئومید بوون و لە بێزاری زیاتر شتێکی تریان نیە بۆ ئەم لایەنانە، چونکە خەڵکی نانی دەوێت، ئاو و کارەباو سووتەمەنی دەوێت، مووچەو کارو بیمەی بێکاری دەوێت، خوێندنی خۆرایی و بیمەی تەندروستی دەویت، ئازادی و بەهای ئینسانی مافە سەرەتاییەکانی خۆی دەوێت، کە جەنگی بەدەستهێنانی ئەم مافانە حیزب و هێزی سیاسی و بزوتنەوەی کۆمەلایەتی جیاوازی دەوێت. دەخالەت و کاری سیاسی و دەسەلاتداریەتی جیاوازی دەویت، کە لەهیچ لەو حزبانە نەک هەر بەدی ناکرێت. بەتایبەت ئەم نەیارە نەقیزە وەشنیە کە رێک پێچەوانەی ئەم ئاسۆو ئامانجەی خەڵک کاردەکات و ناموێیە بە ژینگەیەکی شۆرشگیرانە کە بتوانێت ئالوگۆر لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێکبهێنت!

هەقیقەت ئەوەیە کە قورقوشم بەسەر نەوەی نویدا بتوێنیتەوە لە پشت بەستن بە نەتەوەیەکگرتووەکان و ولاتانی زلهێزی دنیا زیاتر شتێکی تری لێدەرناچێت. راستیەکەی ئەوان خۆشیان ئیدعایەکی زیاتریان نیە لەوەی کە چۆن لە دەرفەتێکدا ئەم هێزە نیودەولەتیانە دەست بنێنە بنبالیان و

کۆمەڵگا دایببرێت.

بەبێ لێدان و سەرکوت و خستنە پەراوێزی شوراو جوڵانەوەی شورایی شارەکانی کوردستان وکۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم بەدبەختیەی ئەمرۆی کوردستان، بەبێ کوشتاری کۆمۆنیستەکان لە سلێمانی، بە بێ تیرۆری شاپور و قابیل ونەزیر عومەر و فەرهاد فەرجەکان و قەدەغەکردنی کۆمۆنیزم لە سلێمانی و هەولێر ئەم دەوروودوکان و ئەم بەدبەختیە چینایەتیە ی ئێستا، بەو ئاسانیە مەیسەر نەدەبوو. ئەگەر پەردەکانی یەکەمی هاتنە سەرکاری ئەم کۆنەپەرەستی و قەوارە چینایەتیەی کوردایەتی بەسەرکوتی کۆمۆنیزم و جوڵانەوەی شورایی و کوشتاری ژن و نەعرەتەی ئیسلام و نەتەوەپەرەستی دەستی پێکرد و پێی گرت، ئەوا پەردەی کۆتایی ئەم دەورودوکانە چینایەتیە بەناچاری جارێکی تر لە نەبەردیدا لەپێناو کۆنترۆلکردن و سەرکەوتن بەسەر ئەو کۆنەپەرەستیە بورژواییەی کوردایەتیدا، باوەش بۆ ئەو هێز و رەوتە رادیکاڵ و شورایە کرێکاری و کۆمۆنیستیە دەکاتەوە و لەهەرکات زیاتر داوای دەکا. رۆژانی داهاتوی خەباتی چینایەتی لە کوردستان ئەو پرسیارە دەخاتە سەرمێزی هەر رابەرێکی جوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بزوتنەوەکانی خوازیاری ئاڵوگۆری بنەرەتی!

★

لەسەرگوشەی کورسیەک دایانیشینن.

بەپێی خاسیەتی چینایەتی نەوەی نوێ، ناتوانێ پشت ببەستێ بە ڕێکخستن و هێنانەمەیدانی هوشیارانەی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بۆیە هەردەبێ چاو لەو هێزو دامەزراوە بۆرژواییە ناوچەیی و جیهانیانە ببڕیت کە لە ستراتیژی سیاسی خۆیاندا جێگایەکی بۆ قایل ببن و بەشێکی لە کێکی دەسەڵات لە کوردستان پێببەخشن!

کێشەکە لەوەدایە کە نەوەی نوێ بەمانەشەوە ڕاناوەستێت و لە دوایـن دەرکەوتـنـی سەرۆکەکەیاندا تازە دەیانەویت بە نەقیزە ئەم دەسەلاتە بگۆڕن و گوایە ماف و داواکاریەکانی خەلکی بەدەست بهینن! بەلام لەراستیدا ئەم رەوشە تەنیا خۆشخەیالی و فریودان و گەوجکردنی ئەو خەلکە نیە، بەلکو زۆربەداخەوە ئیدعای نەقیزە وەشاندنەکانی شاسوار بۆ جووتەدانە لەو خەلکە نارازیەی کە زیاتر لە دوو ساڵە هاتووەتە مەیدان. شۆفیرەکانی کوردستان دەیان خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێگرتن و نارەزایەتیان دەبریووەو ئەوان خولقینەری هێنانەمەیدانی شیعاری بەنزینی ٥٠٠ دیناری بوون. چەندین کەسیان لێ دەسگیرکراو ئازارو ئەشکەنجەی هەلسوراوانیان دراوە، کەچی کاک شاسوار خۆی و نەوەی نوی دەکاتە قارەمانی پاشەکشەپێکردنی دەسەلات. دەوێت بلێت ئێمە هەر بەم نەقیزانەی دەستمان پاشەکشە دەکەین بەم دەسەلاتە سەرکوتگەرە. بێخەبەر لەوەی کە نەقیزەوەشێن لەنێو ڕیزەکانی ئەم حیزبانەدا خۆشیان کەم نەبوون!

لەراستیدا ئەو کارەی نەوەی نوێ دەیکات و رەنگە بۆ زۆرکەسیش جێگەی پرسیار بێت کە چۆنە دەسەلات ڕێگە بەم شالاوانە دەدات، تەنیا لەبەرئەوەیە کە دەسەلات دلنیایە لەوەی نەوەی نوێ لەهیچ سەردەمانێکدا ناتوانێت بێتە جێگەی مەترسی بۆیان و بە پێچەوانەشەوە شاسوار بەم کاروکردەوانەی شوێنێک پردەکاتەوە کە هاوکێشەکە لەبەرژەوندی دەسەلاتدایە. چونکە تەواوی کاری ئەم لایەنە بووەتە ئەوەی کە چۆن پێش بەخۆریکخراوکردن و هاتنەمەیدان بۆ بەرێخستنی یەک بزوتنەوەی شۆرشگیرانە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بگرێت. چۆن لە ڕێگەی دروستکردنی پردێک و دابینکردنی چەند هەزار لیترێک نەوت و بانزینەوە ئەو خەلکە ناڕازیە بنیریتەوە مالی خۆیان و بەکردەوە پرۆسەی هاتنەمەیدانی ئەو خەڵکە نارازیە پەک بخات!

هیچ کیشەیەکی تیدانیە تۆ دەتوانیت وەک شاسوار بازرگان بیت و سیاسەتیش بکەیت، بەلام ئالوگۆری بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگادا حیزب و ئامانجی سیاسی و بەرنامەو ستراتیژیکی رۆشنی دەویت بۆ رابەریکردنی کۆمەلگاو وەلامدانەوە بە ئەزمەو قەیرانەکانی. حیزب و حیزبایەتی بنەماو بەرنامەو ریبازێکی سیاسی دیاریکراوی دەویت کە لەخوارەوەی کۆمەلگا ئیلهامی گرتبێت و هەر ئەوانیش وەک هەوێنی هەرجۆرە ئالوگوریکی ریشەیی لەقەلەم بدات.

بۆیە تاکاتیک نەوەی نوێ نایەویت و ناتوانیت دەست بۆ ریشەی کیشەکان بەریت، ئەو هیزە بە کاراکتەری هەرجۆرە ئالوگۆریک پیکبهینت کە دەیەویت لەخوارەوە لەنیو جەرگەی ئەو هیزەوە سەرهەلبدات که ٨٠٪ی دەنگی نەدا به پەرلەمانەکەی کاک شاسوارو حیزبەکانی تر ، ئیتر مەحاله دلخۆش بوون بەکردەیەک که زۆربەی هەرەزۆری خەلکی کوردستان به ماف و داواکاری و ئازادیەکانی خۆیان بگەیەنیت.

بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە قلشتی کۆمەلگای کوردستان قلشتیکی چینایەتیەو بە زیادبوونی ژمارەی دەستەو حیزب و ریکخراوە سیاسەکان پرنابیتەوە، بەلکو تەنیا بەهاتنەمەیدانی ئەو بزوتنەوە سیاسی یە پردەبیتەوە کە ناسنامەیەکی ئینسانی هەیە لە خوارەوە لەگەرەک و کۆلان و شوینی کارو خویندنگەو شەقامەکانەوە دینەمەیدان و خۆیان ریکخراو دەکەن و لە دەوری ئامانجێک کۆدەبنەوە کە بیتە هەوینی رزگاری هەمیشەیان لەم هەموو زولم و ستەم و چەوسانەوەی کە بەشیوازی جیاوازو لە ریگەی جیاوازەوە دژ بەو خەلکە دەکریت، ئەمەش تەنیا کاتیک دەتوانیت مانا پەیدا بکات کە جولانەوەیەک لە خوارەوە بۆ سەرنگونکردنی سەرەوە بکەویتەرێ.

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
فاییە: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com